# عیراق دوای شکستی ستراتیژی ئەمریکاو ئەولەویەتەکانی ئێمە

## دەربارەی بریارنامەی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی عێراق بۆ پلنیۆمی 19ی کۆمیتەی ناوەندی

**رێبوار ئەحمەد**

لەم کاتەدا کە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بەریوەدەچیت، کۆمەلگای عیراق یەکیك لە حەساسترینو پر ئالوگۆرترین دەورانەکانی حەیاتی سیاسی خۆی بەسەر دەبات. لە یەکەمین جەلسەی مەکتەبی سیاسی دوای پلنیۆمی 18 لە باسی وەزعی سیاسی عیراقدا، موناقەشەی ئەوەمان کرد کە وەزعی عیراق دوای پیکهینانی بە ناو حکومەتی دائمی عیراق چی بەسەر دیت. لەو موناقەشەیەدا من پیشبینی خۆم باسکرد، وتم ئەوەی کە پیّی دەلین حکومەت نە حکومەتەو نە دەبی بە حکومەتو نە لە ریگای یەکلاییکردنەوەی مەلەفی دەسەلاتی سیاسیدا دەتوانیّ هەنگاویکی ئەوتۆ هەلگریت.

رەوتی رووداوەکان بە تایبەت لەم چەند مانگەی دواتر ئەم حەقیقەتەی زۆر بە رۆشنی نیشانداوە. وەزعی عیراق لەم چەند سالەدا لە کاتی دەست پی کردنی شەری ئەمریکاوە، بەرادەی یەکەم بەپیّی ستراتیژو عەسکەرتاریەتی ئەمریکا رەسم کراوە. بۆیە لەم ماوەیەدا شکستی ستراتیژی ئەمریکا ئالوگۆریکی بنەرەتی پیکهیناوە لە وەزعەکەدا. ئەم شکستە ئەوەندە ئاشکراو بەرجەستەیە کە بە رەسمی لەلایەن دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکاوە دانی پیدا نراوە.

عامليك کە ئەم شکستە قولتر دەکاتەوە، پیکهاتنی ئیختلافی قولو گەورەیە لە نیوان بالەکانی دەسەلات لە ئەمریکادا. راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن خۆی دیاردەیەکی ئەم مەسەلەیە بوو. ئەم ناکۆکیە قولە گرفتی گەورەتر لەبەردەم چونەپیشی ئەو نەخشەیەی جۆرج بوش دروست دەکات کە بە ستراتیژی تازەی ئەمریکا ناوی براوە. ئەم وەزعە دەولەتی ئەمریکای لەبەردەم تەنگانەیەکی گەورەو بنبەستیکی سیاسی سەختدا قەرارداوە، نەك هەر لە عیراقدا بەلکو لە ئاستی گشت ناوچەکەو جیهانیشدا.

بەلام ئەوەی کە هیچ یەك لە باڵەکانی حاکمیەت لە ئەمریکادا نە دەیانەویّو نە ئەتوانن ریگایەك بۆ دەرچون لە بنبەستی ئیستا تەرح بکەن، دەولەتی جۆرج بوشی ناچار کردوە بە ملهوری خۆی دریژە بە هەمان ستراتیژی شکستخواردوو بداتو پەلەقاژەی ئەوە بکات بە ملهوریو عەسکەرتاریەتی زیاتر خۆییو حکومەتەکەی لە گیژاوی ئیستا دەرکات. ئاکامیکی ئەمەش ئەوەیە کە چاوەروان دەکریت کۆمەلگای عیراق زیاتر بە ناخی کارەساتو نا ئەمنیو شەرو کوشتارو سیناریۆی رەشدا بېریتەخوارەوە. ئەمە خەتەریکی گەورەیە لەبەردەم کۆمەلگا.

لەلایەکی ترەوە شکستی ئەمریکاو ئیعترافی رەسمی بەم شکستە، موقعیەتی ئەمریکای بەرەولاوازی بردووەو بواری بەرووی مخالفینی جۆراوجۆری ئەمریکادا کردووەتەوە بۆ هاتنەمەیدانی زیاتر. هەلبەت مخالفینی ئەمریکا جۆراوجۆرن لە ئیسلامی سیاسیەوە تا بەرەی بەشەریەتی متمدن تا ناسیونالیزمی عەرەب تا بزووتنەوەی دژی ئەمپریالیستی. بەلام ئەنجامیکی ئەکیدی ئەم مەسەلەیە ئەوە دەبیت کە زەختو زۆر لە هەموو لایەکەوە، بە ئامانجی جیاجیاوە، لەسەر ئەمریکا بۆ کۆتاییهینان بە ئیحتلالو چونەدەرەوە لە عیراق زیاتر دەبیت. ئەمە تەنانەت لە ناوخۆی ئەمریکاشدا بەرجەستە دەبیتەوە. بەم مانایە وەکو لە بریارنامەکەدا هاتووە، رەوتی کۆتاییهینان بە ئیحتلالی توندترو خیراتر کردووەتەوە.

بەلام لەگەل ئەوەدا کە ئەمریکا لە ستراتیژی خۆی لە عیراق شکستی هیناوە، لەگەل ئەوەدا کە رەوتی کۆتاییهاتنی ئیحتلال توندتر دەبیتەوە، وە لەگەل ئەوەدا کە بە کۆتاییهاتنی ئیحتلال لانی کەم گرفتیگی گەورەی کۆمەلگای عیراق دەچیتە لاوە، بەلام بە هیچ جۆریك هیچ یەك لەمانە خۆ بەخۆ مانای سەرکەوتنیك بۆ بەرەی متمدنو ئازادیخواز نیە. چونکە بەداخەوە تا ئیستا ئەم بەرەیە دەورو کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لە بەرامبەرکیّ لەگەل داگیرکاری ئەمریکادا. بۆیە ئەگەر هاوکیشەکە هەر بەم جۆرە بمینیتەوەو ئەم بەرەیە لەم کیشمەکیشەدا موقعی پەراویزی خۆی نەگۆریت، ئەوە بەو جۆرەی تا ئیستا دەبینریت بەرهەمی ئەم دەورەیە لە کیشمەکیشەکان، بە قازانجو تەقویەتی ئیسلامی سیاسی تەواو دەبیت. ئەمەش خەتەری ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستو تیرۆریستو ملهورە لەسەر ئایندەی کۆمەلگای عیراقو ناوچەکە گەورەتر دەکاتەوە. سیناریۆی رەشی ژیر سایەی ئیسلامی سیاسی جیگای سیناریۆی رەشی شەرو داگیرکاری ئەمریکا دەگریتەوە.

لەم مەسەلەیەدا هیچ حوکمیکی لە پیشینە بۆ هیچ هیزو بزووتنەوەیەك نیە، ئەو هیزەی بەرامبەر گرفتی داگیرکاری دەردەکەویّو وەلامی پیدەداتەوە، فرسەتی ئەوە پەیدا دەکات کە ئاسۆی خۆی بەسەر خواستو بزووتنەوەو مەدی جەماوەری دژی داگیرکاری زالبکاتو داهاتوی کۆمەلگاش بە بەدیلی خۆی مۆربکات. ئەم هیزە دەکریت هیزیکی کۆنەپەرستی توندرەوبێت بیت وەکو ئیسلامی سیاسی، دەشتوانی هیزیکی پیشکەوتوانەو کۆمۆنیستی توندرەوبێت بیت وەکو ئیمە.

لایەنیکی تری وەزعی ئەم چەند سالەی ئەخیری عیراق، ئەوە بووە کە ئالوگۆرەکان بواری کردەوە بۆ جمهوری ئیسلامی ئیران دەخالەتیکی زۆر راستەوخۆو کاریگەرو فراوان لە وەزعی سیاسی عیراق بکات، بە تایبەتیش ئەم کارە بە وەسیلەی هیزە ئیسلامیە شیعەکان زۆرتر بۆی مەیسەر بووە. جمهوری ئیسلامی ئیستا بوەتە لایەنیکی سەرەکی لە معادلەی سیاسی عیراقدا، هەروەها لە توندکردنەوەی سیناریۆی رەشو فەزای نا ئەمنیو ئالۆزیەکانی وەزعەکەدا. ئەو بە جیا لە هەموو تموحاتی سیاسی

تایبەتی خۆی لە ناوچەکەو لە خودی عیراقدا، وەزعی ئیستای عیراقی کردوە بە مەیدانیکی بەرامبەرکیو کیشمەکیشی خۆی لەگەل ئەمریکاداو لەم بارەیەشەوە توانیویەتی فشاری زۆر دابنیت. ئیستا بە جیگایەك گەیشتوە کە بە فراوانی هەولدەدات بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەلات بە قازانجی تاقمو هیزە ئیسلامیەکانی سەر بەخۆی.

بەم جۆرە عیراق بووەتە مەیدانی چەندین شەرو کیشەو بەرامبەرکیی جۆراوجورو بەردەوام لە نیوان هیزو بزووتنەوەو دەولەتانی دەخالەتگەر لە عیراقدا. هەندیك لەم شەرانە لەوپەڕی قولبونەوەدایە. شەری ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی بە گشتی، شەری جمهوری ئیسلامیو ئەمریکا بە تایبەتی، شەری ناسیونالیزمی عەرەبو ئەمریکا، شەری تائیفی ئیسلامی سیاسی شیعەو سونە، هەروەها شەری قەومی کە لەسەر لیواری قەوماندایە.

لە کاتیکدا وەزعی عیراق بەم رادەیە خەتەرناكو ئالوز بووە، لەم کاتەدا مەهزەلەی پرۆسەی دیموکراسیو فیدرالیزمو حکومەتی مالکی لەسەر لیواری هەرەسهێنانو فەشەل راوەستاوە، یان دروستتر وایە بلێین فەشەلی هیناوە. ئەم حکومەتە سەرباری ئەو هاتوهاوارەی کە دیسانەوە بەریی دەخات، نەك ناتوانیو لە بەرنامەیدا نیە هیچ هەنگاویگ لە بەرامبەر ئەم وەزعەدا هەلگریت، بەلکو خۆی عاملیکی سەرەکی خولقاندنو بەریوەبردنی ئەو فەزای نا ئەمنیەیە کە بەرپاکراوە. لە هەمانکاتدا تەنانەت لەو منتەلەقاتەی خۆشیەوە تازە نەك ناتوانی دەسەلاتی خۆی سەقامگیر بکات بەلکو تەنانەت یەك دەزگای واقعی دەولەتی پی دانامەزریت.

یەکیك لە ئاکامە بەرجەستەو راستەوخۆکانی وەزعی ئیستا، قولبونەوەی زیاتی ئەو فەزا نائەمنیەیە کە لە پلنیۆمی پیشوودا پیداگری لەسەر کراو وەکو گرفتیکی گەورەی ئیستای کۆمەلگا جەختی لەسەر کرا. بەلام ئیستا دوای چەند مانگ لە پلنیۆمی 18 کیشەی نا ئەمنی بەوپەری خۆی گەیشتوەو بە شیوەیەکی زۆر زیاتر کۆمەلگای داگرتووە. ئەم مەسەلەیەش رووی لە پەرەسەندنیکی خیراو گەورەیە. نە حکومەتی مالکیو نە هینانی هیزی تازەی ئەمریکا نەك هەر ناتوانن بە هیچ جۆریك وەلامی پیبدەنەوە، بەلکو بەو ئیجرائاتو بەرنامانەی لە دەستوری خۆیان داینناوە، قولتری دەکەنەوە.

بەلام گرفتیکی تر کە لە ئیستای عیراقدا لە چاو یەکسال یان هەتا چەند مانگ لەمەوبەر گەورە تر بوەتەوە، ئەوەیە جگە لە نەمانی ئەمنیەتی گیانیی هاولاتیان، نا ئەمنی ئابووریش بە رادەیەکی سەرسورهینەر پەرەی سەندوە. وەزع بە جیگایەك گەیشتووە کە نەك هەر خەریکە ئاسەواریك لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان نامینیتەوە، بەلکو دەروازەی ئیقتصادی بۆ ژیانی مەمرەو مەژی هاولاتیان نامینیٚ. داهاتی نەوتو کۆمەکە جیهانیە زۆرو زەبەندەکان بە لیشاو یان تالان دەکریت یان دەکریتە قورگی میلیشاو داموو دەزگا مشخۆرەکانی حکومەتەوە یان دەکریتە بودجەی شەری ناوخۆ. بەم جۆرە خەریکە ناچارکردنی خەلك بە بوون بە زەخیرەی میلیشاکانو شەری کۆنەپەرستانەیان، وەکو تاقە ریگایەك بۆ پەیداکردنی بژیوی رۆژانە نیشانی خەلك دەدەن. بەشیکی زۆری خەلك بە تایبەتی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش لە ژیر باری فشاری هەژاریو برسیتیدا ناچارکراون ریگای پەیوەست بوون بەو میلیشیایانەوە هەلبژیرن.

ئەم بریارنامەیە لەسەر بناغەی لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعیەتەو ئەو ئالوگۆرو گۆڕانکاریانەی کە باسکرا، کۆمەلیك سیاسەتو هەنگاوو جیهەتگیری خستوەتەروو، بۆ بەرگرتن لە رۆچونی یەکجاری کۆمەلگا بۆ ناو زەلکاوی داروخانو ویرانبون. کە بە کورتی بریتین لە پەرەپیدانی خەبات دژی داگیرکاریو بە مەبەستی ناچارکردنی ئەمریکا بۆ چونەدەرەوە لە عیراق، وەکو عاملی ئەصلی ئەم وەزعەیەتە، بەم پییەش دەرگاکردنەوە بەروی ئایندەیەکی سیاسی باشتردا بۆ کۆمەلگا، هەروەها وەلامدانەوە بە گرفتی نەبونی ئەمنیەتی گیانیو ئابوری هاولاتیان.

لەم بارەیەوە پیش هەموو شتیك ئەم بریارنامەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە حیزب دەبی هەنگاوی خیرا لە ریگای تەبدیل بوون بە حیزبیکی سیاسی بەهیزو گەورەو جەماوەری هەلگریت. ئەمە تاقە زامنی ئەوەیە کە بەرەی ئازادیو سکولاریزم لە کۆمەلگا رابەرایەتیەکی کارامەی بۆ مسۆگەر بیت. بەبیٚ لە مەیدانبوونی حیزبیکی کۆمۆنیستی بەم جۆرە هەولو کۆششی ئەم بەرەیە بە ئامانجی خۆی ناگات. لەم بارەیەوە دەرکەوتنی سیاسی حیزب بەرامبەر وەزعی مەوجودو لایەنو هیزەکانی خولقینەری ئەم سیناریۆیە، دەرکەوتنی سیاسی حیزب بەرووی ئیحتلالو سیاسەتەکانی ئەمریکا، وەستانەوەی بەرامبەر ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم، دەرکەوتنی شەخصیەتەکانی وەکو رابەرانی جەماوەری خەلك، پتەوکردنی حیزب وەکو حزبیکی سیاسی مەحکەمو بە توندی پابەند بە حیزبیەت، بەهیزکردنی بونیەی ریکخراوەیی حیزب لە محەلاتو ناوەندەکانی کار، لە نیو کریکارانو ژنانو لاوان، پەرەپیدانی ئیعلامی حیزب، پەیداکردنی کاراکتەری چەکداری بەهیز لە ریگای بەشداریو دەورگیرانی کاریگەر لە هیزی ئەمان... سەرخەتەکانی ئەم مەسەلەیە پیکدەهینن کە دواتر پیویستە مەکتەبی سیاسی لە چوارچیوەی نەخشەیەکی رۆشندا دایبریژیت.

هەروەها حیزب بە دیاریکراوی دەبی خەباتیکی هەمەلایەنە لە ناوەوەو دەرەوە بە دیاریکراوی دژی نەخشەو ستراتیژی تازەی ئەمریکا لە عیراق دەست پیبکات. مەبەست لە خەباتیکی هەمەلایەنەی سیاسیو جەماوەریو تەبلیغاتیو تەنانەت هەولدانە بۆ بەگەڕخستنی کاراکتەری چەکداری بە مەبەستی بەرجەستەکردنی قودرەتی حیزب. لەم دەورەیەدا کە خەریکە جیٚ پی بە ئەمریکا لیژ دەبیت، زەرورەتیکی حەیاتیە کە حیزب دەوری خۆی لە خەبات بۆ کردنەدەرەوەی ئەمریکا بەرجەستە بکاتو لە هەموو ئیمکانیاتو دەرفەتیك بۆ ئەمە کەلك وەرگریتو لانی کەم ناوی خۆی لە لیستی ئەو هیزانەی ناکامی ئەمریکا مسۆگەردەکەن، تەسبیت بکات. ئەمە مەسەلەیەکی مهمەو بۆشاییەکی گەورە لە خەباتی جەماوەری دژی ئیحتلالو لە دەوری تا ئیستای حیزب لە کۆمەلگادا پردەکاتەوە.

روکنیکی تری مهماتو توجهاتی حیزب پەرەپیدانو بەهیزکردنی کۆنگرەی ئازادی عیراقە. کۆنگرە عاملیکی زۆر سەرەکیو ئەساسیە لە ستراتیژی حیزبدا، کۆنگرە وەسیلەی سەرەکی کۆمۆنیزمو گشت بەرەی ئازادیو سکولاریزمە بۆ دەرهینانی عیراق لە وەزعی ئیستاو سازدانەوەی ژیانی مەدەنی. زەمینەو زەرورەتە سیاسیو

کۆمەلایەتیەکانی کۆنگرە ئیستا لە هەموو کات زیاتر بووە. ئەوەی بۆ ئەم پلنیۆمە مهمە کە بتوانێ بە تەواوی تصوری خۆی لەسەر کۆنگرە رۆشنو یەکلا بکاتەوە، هیچ دوو قوتبیەك لە نیوان کونگرەو حیزب یان کۆنگرەو پرۆژەکانی دیکەی حیزب نەمینێو بە باوەریکی مەحکەمەوە بچینە پشتی سەرخستنو راپەراندنی پرۆژەکانی کۆنگرە. ئەوە معلوم بیت کە هەم حیزب هەم هەر یەك لە پرۆژەکانی دیکەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری لە مەیدانو لە پەیوەند بە مەسەلە راستەوخۆکانی خۆیانەوە مانـاو جیگاوریگای مهمو زەرورەتی خۆیان هەیەو هەم هەموشیان پیکەوە وەکو بەرەیەکی یەکانگیر لە کۆنگرەی ئـازادی عیراقـدا بـۆ دەخالـەت لـە وەزعـی سیاسـی ئیـستاو دەرهینانی کۆمەلگا لە سیناریۆی رەشی ئیستاو سازدانەوەی ژیانی مەدەنیو تحقیقی منشورەکەی، مانای خۆیان هەیە. ئەو تصویرەی کە هەر یەك لە پرۆژەکانی حیزب، خۆیان لە خۆیاندا بە وەسیلەی هەموو ئەو ئەركو مەهامانە دەزانیت کە لە ئیستادا کۆمۆنیزم لە گەلیدا دەرگیرە، هەموو ئـەو پرۆژانـە دەکاتـە کـۆپی یـەکتریو بـواری پەرەسەندنو گریخواردن لەگەل مەیدانەکەی خۆیاندا بۆ نامینیتەوە.

هەروەها حیزبی ئیمە بە پێی قولبونەوەی فەزای نا ئەمنی، پیویستە بە نەخشەیەکی رۆشنەوە بروانە پای بەرەنگاربونەوەی ئەم کیشەیە. تەنانەت ئەگـەر لەسـەرەتادا کۆمەلیك ئیقداماتو کۆمەلیك نمونە و کۆمەلیك تەجروبە نیشانبدات، وەکو پیشرەویەکی مهم لەم بوارەدا مانا پەیدا دەکات. لەم بارەیەوە دەتوانی بـە هاوکـاری لەگـەل کۆنگرەو هیزی ئەماندا ئەو ئیقداماتو نەخشانە ئیجرا بکریت. بە دیاریکراویش پەرەپیدانی هیزی ئـەمانو بـەهیزکردنی شاخەی حیـزب لـە نـاو ئـەم هیـزە ئەولەویەتیکی هەرە مهمی حیزبە.

حیزبی ئیمە لە ئیستادا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە پیشەوە باسکرا، پیویستی بەوە هەیە تەرحیك بۆ روبەروو بونەوەی نا ئەمنی ئابووری بخاتەروو. گرفتی ئابووری لە ئیستادا بوە بە گرفتیکی گەورە، بۆیە فەرامۆشکردنی ئەم مەسەلەیەو یەکلایەنە پیداگری لەسـەر مەیـدانی سیاسـەت، مەیـدانیکی گـەورەی دەورگـیرانو دەرکـەوتنو هەلخراندنی هیزی جەماوەری لە دەستی حیزب دەدات. وەکو لە بریارنامەکەدا هاتووە دابینکردنی بیمەی بیکاری لە داهاتی نەوتو داهاتەکانی تر میحوەری سەرەکی ئەم تەرحە پیکدەهینیت. بیمەی بیکاری جگە لە لایەنی ئابوری لە ئیستادا مانایەکی سیاسی گرنگی هەیە، ئەویش دەرهینانی بەرەیە لە ژیر پێی هیزە میلیشیاییەکان کـە خەلك بۆ بژیوی رۆژانە ناچار دەکەن ببنە زەخیرەی ئەوان. بەلام مەبەست لەم تەرحە تەنها تەرحی خواسـتەکان نیـە، بـەلکو تـەرحیکی تەکمیلـە کـە لـە هـەمان کاتـدا مەیدانەکانی خەبات لەو پیناوە، شیوەکانی خەبات، ئیقداماتی عەمەلی پیویست، تەنانەت باری ریکخراوەیی بزووتنەوەیەك لەم پینـاوە دراسـە بکریـتو بخریتـەروو. وە بەتایبەتیش دەوری ریکخراوە پیشەییو غەیرە حیزبیەکانو چۆنیەتی چالاککردنەوەیان لە دەوری ئەم پلاتفۆرمە لایـەنیکی گرنگـی ئـەو تەرحـە دەبیـت. کـە بریارنامـە پیشنیاری کردوە بسپیردریت بە مەکتەبی سیاسی.

سەرئەنجام بە پێی ئەو وزەعە ئالۆزەی لە ئیستای عیراقدا پیکهاتوە بە تایبەتی دوای شکستی ئەمریکاو راپۆرتی بیکەر هاملتۆن، هەر بەم پێیەش ناکامی پرۆسـەی دیموکراسیو فیدرالیزم، هەم کۆمەلگای کوردستان دوچاری گیژاویکی گەورە بووەو هەم مەترسی پەرەگرتنی شەری قەومی زیاتر بووە. لەم کاتە پیویستە حیزبی ئیمە وەکو هەلویستیکی مەسئولانە بۆ بەرگرتن لە هەردوو ئەمانە، جاریکی تر پیداگری لەسەر پیویستی بـەرپارکردنی ریفرانـدۆم بـۆ بریـاردانی خـەلکی کوردسـتان لەسـەر چارەنوسی خۆیان بکاتەوە.